## خوێنی دوای سزای خواکان... ئارام قەرەداغی



من..
لەگەڵ دەنگی ئەم قەلەرەشانەدا نیم
کە هەمیشە لە پشتی خواکانە وە
خەریکی هوتاف کێشانن..
کە هەمیشە خواکان سوردەکەن
لەسەر شەهوەتە کانیان
خوایەك... سزامان ئەدا بەتاریکی
خوایەك... سزامان ئەدا بە مردنی رۆح
خوایەك.. سزامان ئەدا بە نەدانی هەناسە
هەزار خوا لەناخی مندایە
هەزارانی تریش لە ناخی تۆدا
هیوامان بەبونی یۆتۆبیایەك نەماوە
کە جامەکان ئەدەین بە ئەرزا.
نا مانەوی دەنگیان نەیەت
من نامەوی
دەست لە بینی ئەو خوایانەی ئێوە بنێم
کە قەت نایانەوی جامەکان بگرنەوە
لەناو سزاکانا تونێلێکی تیا نیە
کە لەمسەرەوە پیای تێپەرین
بۆ ئەوسەرو
لەوی.. ژیانمان لێداربنرێ
من نامەوی
گۆرانیەکی پچراو کۆکەمەوە
کە کلاَو کورەیەکی ناشرین
لەسەرمەرگا
ئەیدا بەگوێی بەیانیەکا
ئای.. دەرگاوانەکانی جەهەنەم
ئەزانن ئێمە لە مێژە جەدەلێکی دورو درێژ لە نێوانمانایە
جە دەلێك.. کە هەمووی لەسەر رەنگە
لەو رۆژەوەی من لێرەم
ئێوە باس لە رەنگی کراوە دەکەن
ئێوە رەنگێکی متتان نەدیوە
رەنگێکی داخراو نەهاتۆتە بەرچاوتان
کەچی منیش
هەرگیز چاوم لەمسی رەنگێکی کراوەی نەکردوە

www.kurdistannet.org
14-7-2006 10:34 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

جەدەلێك..
کەهەمیشە
بە ناخۆشی و عاجزبونی من کۆتایی دێت
ئێوە.. ئێوە لەدەرگاوانەکانی بەهەشت
بی عەقڵترن
کاتێك کەخواکان سەرقاڵی سزاکانی ئێمەن
مناڵێك بەلای ئەم درەختەدا تێ ئەپەڕی و
گەڵایەکی لێ ئەکاتەوە
بەلای ئەم دەفتەرەدا تێ ئەپەڕێ و
پەڕەکانی پڕ ئەکات
لە هێڵی ڕاست و چەپ
ئەی سوڵتان..
تۆ لەکوێی
کاتێك ئەم دارانە گەڵایەکیان پێوە نەماوە
تۆ لەکامە مەیخانەدا لەتر ئەدەیت
کاتێك ئەم دەفتەرانە
پەڕەیەکی سپیان پێوە نەماوە
تۆ لە کوێیت؟
کاتێك ژیان
گێرە لەخوێنی
ئەم درەختانەدا دەکات
تۆلە کوێیت؟
کاتێك.. بۆنی پایز
لەم گۆمە شڵەقاوە چاومانەوە دێت..

سلێمانی
Aram_qaradaghi@hotmail. com
www. kurdistannet. us/aram